گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/xh9eyd18

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 19/06/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# کاریگەریی گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر دەنگدەر لە هەرێمی کوردستاندا

**محمد دلێر ئەمین محمد[1] - عەلی فەرەج عەلی[2]**

alikashan91@gmail.com -hamadler.muhammed@univsul.iq

[1] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕگەری، پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیک سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانج لێی زانینی ئەو کاریگەرییانەیە کە گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر دەنگدەر دروستی دەکات لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و تێیدا میتۆدی ڕوپێوی بۆ سامپڵێکی هەڕەمەکی لەدەنگدەران کە ژمارەیان (٦٨٨) کەسە وەرگیراوە لە هەرێمی کوردستان پشت بەست بەئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی ئەلیکترۆنی و لەڕێی گوگڵ فۆرمەوە، توێژینەوەکە گەشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام، لەوانە: (ئاستی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ بەکارهێنانی هەواڵ لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها ئاستی بینینی ڕۆژانەی گوتاری سیاسی یان گفتوگۆی سیاسی لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە ئاستێکی مامناوەندە. سامپڵی توێژینەوەکە ڕۆژانە گوتاری سیاسی لەڕێی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی دەخوێننەوە بە ئاستێکی نزم، هەروەها سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی بەناوەرۆکی میدیایی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بەگشتی و بەتایبەت ناوەرۆکی ڤیدیۆیی دەدەن، پاشان سامپڵی توێژینەوەکە ڕادەی متمانەبونیان بۆ گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان گونجاوە، دواتر سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەخنەگرتنیان بۆ گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بەرزە. سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی گۆڕینی بڕیاریان لەبارەی دەنگدان بە لیستێک یان کاندیدێک لەسەر بنەمای گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان مامناوەندە، هەروەها سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەلایان، لەبارەی بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن مامناوەندە، لەکۆتاییدا سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەلایان لەبارەی بەشداریکردنیان لە دەنگداندا مامناوەندە.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەریی، گوتاری سیاسی، ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، دەنگدەر، هەرێمی کوردستان.

# Effects Of Political Discourse That Electronic Journalism Has on Voter in The Kurdistan Region

**Mohammed Dler Amin Mohammed[1] - Ali Faraj Ali[2]**

[1]College of Language, Kurdish Language Department , University of Sulaymaniyah , Sulaymaniyah , Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Public Relations and Marketing, Dukan Technical Institute, Sulaymaniyah Polytechnic University, Sulaymaniyah , Kurdistan Region-Iraq.

## Abstract:

The aim of this study is to understand the effects of political discourse that electronic journalism has on voter in the Kurdistan Region. The descriptive approach was followed in this study, and the survey tool was used for a random sample of voters in the Kurdistan Region, numbering (688) people, relying on an electronic questionnaire tool that was formulated through Google Form.

A non-random, intentional sample of election office officials from six major political parties in the Kurdistan Region participating in the elections was also used through scientific interviews. The study reached a number of conclusions, including: A large percentage of the study sample reads news via the Internet. The percentage of reading political discourse or political discussions by the study sample is average, while the percentage of reading political discourse through electronic journalism is low. The study sample is interested in the media content of political discourse on electronic journalism in general and video clips in particular. The study sample's trust in the political discourse of the electronic press is satisfactory, and the percentage of criticism directed by the study sample towards the political discourse of electronic press is high. The political discourses published in electronic journalism had a moderate influence on study samples’ voting decisions for candidates or party lists .Finally, the study found that political discourse published in electronic journalism had a moderate effect on participants’ engagement in election campaigns.

**Keyword:** Effects, Political Discourse, Electronic Journalism, Voter, Kurdistan Region.

## پێشەکی:

گوتاری سیاسی لەکۆمەڵێک پەیامی ئامادەکراوی مەبەستدار پێکدێت لەپێناو باوەڕپێهێنان و ڕازیکردن و قایلکردنی جەماوەری ئامانجدار و دروستکردنی هەژمونی سیاسی لەنێو ژینگەی سیاسی دیاریکراو، کە لەکاتی ویستگە

سیاسیە جۆراوجۆرەکاندا پارت و قەوارە و هاوپەیمانێتییەکان پەنای بۆ دەبەن لەپێناو ناساندنی زیاتری سیاسەت و بەرنامەی هەڵبژاردن و خودی کاندیدانیان، بەجۆرێک لە ڕوی ڕوخسارەوە پێکدێت لەزمانێکی تایبەت و ئامانجدار پشت بەست بە وێنە و ڤیدیۆ و گرافیک و کاریکاتێر، لەڕوی ناوەڕۆکیشەوە پیکدێت لەبیرۆکە و زانیاری و داتا و بەڵگە و نمونەی جۆراوجۆر لەپێناو تێگەیاندنی جەماوەر لەو پرسە سیاسییە دیاریکراوە.

ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی قۆناغێکی دیار و گرنگی بواری میدیا بەگشتی و ڕۆژنامەوانی بەتایبەتییە کە تیایدا ڕۆژنامەکان لەقۆناغی کاری ڕۆژنامەوانی کلاسیکییەوە بەرەو قۆناغی نوێی ڕۆژنامەوانی هنگاویان نا کەبەرۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی ناسراوە، ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیاکانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و مانگی دەستکرد و مەڵتی میدیا کەدۆخیکیان بۆ دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان و ڕۆژنامەنوسان خوڵقاند بەشێوەیەکی خێرا و بەکات و تێچویەکی کەم و کەمترین کارەکتەری مرۆیی و بەشێوەیەکی دیجیتاڵ و کوالێتی بەرز ڕۆژنامە بەدو ئاست گەشە پێبدەن، ئاستێکیان بەردەوامبونی دەزگا ڕۆژنامەوانییە کاغەزییەکانە لەقۆناغێکی نوێدا کە بەشێوەی کاغەزی و ئەلیکترۆنی لەکاری ڕۆژنامەاونی ئەلیکترۆنی بەردەوامن، ئاستەکەی دیکەشیان سەرهەڵدانی دەزگای ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنییە بەبێ بونی هاوتای کاغەزی.

هەرێمی کوردستان-عێراق بەدەرنەبوە لەم گۆڕانکارییە میدیاییەی بواری ڕۆژنامەوانی و لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە کاری ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی بەهەردو ئاستەکەی دەستپێکردوە و چەندین ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی گشتی و تایبەتمەند سەریان هەڵداوە، کە تاڕادەیەکی باش توانیویانە دۆخی ڕۆژنامەوانی گەشەپێبدەن و جۆرێک لەکێبرکێ دروست ببێت لە ژینگەی میدیاییدا سەرەڕای سەرنج و تێبینی یاسایی و ئێتیکی لەسەر بەشێکی ئەم دەزگا ڕۆژنامەوانییانە.

ئەم توێژینەوەیە لەسێ تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، لەمیتۆدنامەدا ڕێوشوێنە میتۆدییەکان و توێژینەوەکانی پێشو خراونەتەڕو، لەتیۆرینامەدا ئاماژەدراوە بە گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەنگدەر، لەپراکتیکنامەدا ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی خراوەتەڕو کە خۆی لە تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان و وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکاندا دەبینێتەوە، پاشان تیشک خراوەتەسەر دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پیشنیارەکان و لیستی سەرچاوەکان.

## تەوەری یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

**یەکەم:کێشەی توێژینەوە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەپرسیارێکی سەرەکیدا دەبینێتەوە (ئایا گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەریی لەسەر دەنگدەران دروستدەکەن لە هەرێمی کوردستاندا؟)، لەم پرسیارەوە سەرەکیەشەوە چەند پرسیارێکی لاوەکی دەخرێتەڕو، لەوانە:

١. ئاستی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە هەواڵ و گوتار لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە چەندە؟

٢. ئاستی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی چەندە؟

٣. ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا چەندە لەسەر دەنگدەران؟

**دوەم: ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١. زانینی ئاستی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە هەواڵ و گوتار لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە چەندە.

٢. زانینی ئاستی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوەکە بە گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنیدا.

٣. شیکردنەوەی ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لەسەر دەنگدەران.

**سێیەم:گرنگی توێژینەوە:**

- **گرنگی زانستی:** یەكێكە لە توێژینەوە نوێكان بەزمانی كوردی كە كاردەكات لەسەر گوتاری سیاسی نێو ڕۆژنامە ئەلیكترۆنییەكان و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەنگدەران لەهەرێمی كوردستان، كە بێگومان كتێبخانە و ناوەندە ئەكادیمییەكان دەوڵەمەنددەكات و سەرچاوەیەكی زانستی نوێ دەبێت بۆ كایەی سیاسی و میدیایی لە هەرێمی كوردستاندا.
- **گرنگی پراكتیكی:** ئەم توێژینەوەیە دەبێتە ڕێبەرێكی باش و سەركەوتو بۆ پارت و قەوارە و هاوپەیمانێتی سیاسی بەشدار لە هەڵبژاردنەكانی هەرێم و بەغداد، بەجۆرێك لەڕێی گوتاری سیاسییانەوە سیاسەت و ستراتیژ و بەرنامەی كار و پرۆژەی بانگەشە و ناساندنی كاندیدان بەشێوەیەكی كاریگەرتر و سەركەوتوتر ئەنجام بدەن، كە بگونجێت لەگەڵ پێشكەوتنەكانی سەردەم بۆ كاری سیاسی و هەڵبژاردن، ئەمەش بە پەنابردن و بەكارهێنانی میدیایەكی نوێ و سەردەمیانە كە دەتوانێت بەشێوەیەكی كارا و چالاک و بەردەوام لەڕێگەیەوە ڕوماڵی میدیایی ئەنجام بدرێت بۆ كاریگەریی لەسەر ڕەفتاری دەنگدەران هەر لە قایلكردن و باوەڕپێهێنان و بەشدارییان بۆ خودی پرۆسەكە یان پرسەكە.

**چوارەم: توێژینەوەكانی پێشو سودەكانی:**

**ا- خستنەڕوی توێژینەوەكانی پێشو**

١. توێژینەوەی (العیاري، محمد العربي)، (٢٠٢٢)، (الخطاب السیاسي في تونس وصناعة الرأي العام، قراءة في نتائج دراسة میدانّیة)، ئەنجامی توێژینەوە مەیدانییەكە دەركەوت كە گوتاری سیاسی هەندێک لە نوخبە سیاسییەكانی تونس سەركەوتو بوە لە دارِشتنی بیروڕای گشتی. بەڵام شێواز و هەلومەرج و بەستێنەكانی دارِشتنی ئەم بیروڕای گشتییە لە قۆناغی گواستنەوەی دیموكراسیدا لەگەڵ پرۆسەی سیاسیدا نەبون. هەڵوێستی هاووڵاتیان بەرامبەر بە نوخبە سیاسییەكان و گوتاری سیاسی لە ڕەخنەی نەرێنی لە هەندێک كاتدا تا ڕەتكردنەوە لە هەندێک كاتدا. گوتاری سیاسی بەپێی ستراتیژ و مۆدێلی تایبەت بنیاتنرا كە بەشداربون لە هەندێک دەرئەنجامدا، لە هەمان كاتدا هەندێک كاریگەریی لە بنیاتنانەوە و بەڕێوەبردن و ئیستغلالكردنیدا لە قۆناغە جیاوازەكاندا دەقۆزێتەوە، بۆ سودی گروپە سیاسییەكان و تاكەكان و پێكهاتەكان. ڕیسایكلكردنی گوتاری سیاسی لەلایەن نوخبە سیاسییەكانی تونسەوە تەنیا لە كایەی گشتیدا سنوردار نەبو؛ بەڵكو لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و ئامرازە تەكنەلۆژییە مۆدێرنەكانەوە ڕێگاكانی بۆ ئامادەبون دروستكرد. نە ئەرێنی بونە توانای دارِشتنی بیروڕای گشتیی هەبو، كە بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری لە كاروباری سیاسیدا بكات. پرۆسەی پەیوەندی نێوان نوخبەكان پرۆسەیەكی بەردەوام و بەردەوام بو. نوخبە سیاسییەكان و هاووڵاتیان لە ڕێگەی میكانیزمی جۆراوجۆرەوە كارلێک دەكەن، گرنگترینیان گوتاری سیاسییە، كە بە جۆرێک لە جۆرەكان گوزارشت لە شوناسی سیاسی ئەكتەری سیاسی دەكات و دید و تێڕوانینەكانی و بەرنامەی سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتیی چڕتردەكاتەوە. ئەم وێنەیە ناتەواو دەردەكەوێت كاتێک سروشتی گوتاری سیاسی بەشێک لە نوخبە سیاسییەكانی تونس لەبەرچاودەگرین. ئەمەش لەسەر بنەمای لێكۆڵینەوەی مەیدانییە، كە ئەنجامەكانی وەڵامی دژبەیەک لە نێوان ئەو هاووڵاتیانەی كە بەشدارییان لە ڕاپرسییەكەدا كردوە و ئەو نوخبە سیاسییانەی دەرخستوە، كە وەڵامیان سەبارەت بە سروشت و بارودۆخ و بەستێنەكانی سەرهەڵدان و بەكارهێنان و بڵاوكردنەوەی گوتاری سیاسی خۆیان داوە. بە پشتبەستن بەو وەڵامانەی بەدەستهاتون، گوتاری سیاسی هەندێک لە نوخبە سیاسییەكانی تونس زیاددەكرێت بۆ فاكتەرەكانی قەیرانەكە، كە بەهۆی كەموكوڕییە زۆرەكانی قۆناغی گواستنەوەی دیموكراسیەوە سوتەمەنی پێدەدرێت و بەشدارە لە ئیستغلالكردنی ململانێی سیاسی بە مەبەستی پێگەیشتن و دروێنەكردنی دەستكەوتی كەسی. پۆپۆلیزم، لە فۆرمی تونسی خۆیدا، وا دیارە هۆكارێكە بۆ لە هەمان كاتدا، دەرئەنجامی ئەو قەیرانانەی كە پێشتر باسمانكرد، بەبێ ئەوەی چارەسەر بێت. بەڵام پارادۆكسەكە لەوەدایە كە

پۆپۆلیزم هەمان تایبەتمەندی و واتا و مۆدێلەکانی گوتاری سیاسی بەکاردەهێنێت، لە هەمان کاتدا بەرەو ئەوپەڕی ئاستەکانی توندوتیژیی ڕەمزی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای بەرزدەکاتەوە. دەکرێت ئەو کەلێنانەی کە گوتاری سیاسی بەشێک لە نوخبە سیاسییەکانی تونس دروستیانکردوە، بقۆزرێتەوە، هەروەها ئیستغلال لە قوڵبونەوەی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لە ٢٥ی تەمموزی ٢٠٢١ەوە بکرێت، بۆ دوبارە دارشتنی ناسنامەی سیاسی نوخبە سیاسییەکان و دیمەنی سیاسی. ئەمەش پێویستی بە کۆکردنەوەی هێزە سیاسی و مەدەنییەکان و بنیاتنانی گوتارێکی سیاسی هەیە کە ئەو کەموکوڕی و لاوازییانە تێکبدات کە گوتاری پۆپۆلیستی پێکدەهێنن، سەرمایەگوزاری لەو پاشەکشەیانەی کە گواستنەوەی دیموکراسییان گرتۆتەبەر، و بەم شێوەیەش توانای دوبارە دروستکردنەوەی بیروڕای گشتی بەشدار و چالاک و ڕەخنەگرانە کە بتوانێت زەمینەیەک بۆ بەرەنگاربونەوەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە تونس دابینبکات.

٢. توێژینەوەی (منخرفیس، یمینة)، (٢٠٢١)، (دلالة الاتصال غیر اللفظي في الخطاب السیاسي المتلفز: دراسة تحلیلیة سیمیولوجیة لعینة من خطابات الحملة الانتخابیة لرئاسیات أبریل ٢٠١٤)، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی سروشتی ئەو سیستەمە واتاسازییە نازارەکیانەیە کە لە گوتاری سیاسیدا دەردەکەون و ئاشکراکردنی چۆنیەتی کارکردنی ئاستەکانی مانا تێیدا و تا چ ڕادەیەک بەشدارن لە بەرهەمهێنانی مانا و ئاراستەکردنی ڕای گشتی، لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵێک وتاری سیاسی کە لە تەلەفزیۆنی گشتی جەزائیر لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی (نیسانی ٢٠١٤)دا پەخشکرابون واتاکانی نیشانە نازارەکییەکان و پێکهاتەی ڕستەسازییان کە مانا دروستدەکات، نوێنەرایەتی بابەتی لێکۆڵینەوەکانی نیمچەناسی دەکات، کە لەسەر بنەمای ئەو ڕێبازانە دامەزراون کە نوێنەرایەتی تەکنیکێکی توێژینەوە دەکەن کە تیشک دەخاتە سەر دیاریکردنی ئاستی مانا لە ڕێگەی پرۆسەی جیاکردنەوە و کۆکردنەوە، پاشان خوێندنەوە و لێکدانەوە. ئەمەیە کە وای لێکردین لە کۆتاییدا پێکهاتەی فەزاکانی سێ وتارە سیاسییەکە و تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانیان بزانین، بەو پێیەی ئەوان ئاماژەدان بە یەکە فەزاییە بەرچاوەکانن کە پەیوەستن بە ئەنجامدانی کردارەکە (جوڵەی تاکەکان) لە سیستەمی شتەکاندا، کە پشتڕاستی کردەوە کە گۆڕانکاری و جیاوازی ژمارەی بزوێنەکان لەسەر بنەمای ئەو زەبری مانا نازارەکییە هاتوە کە لە هەر وتارێکدا هاتوە، کە بیرۆکەی میدیایی دامەزراندوە نابابەتی و نایەکسانی لە ڕوماڵکردنی میدیایی وتارەکانی کاندیدەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا. هەروەها، ڕەفتاری جوڵەیی وەک پارادایمێک دەربڕینی نازارەکی لە سەرانسەری ئاستە ڕوکەش و قوڵەکاندا کاردەکات. نیشانە جوڵەییە گرنگەکان لە جەستەی قسەکەردا دەردەکەون، کە بەهۆی پەیوەندییە پێکهاتەییەکانەوە دیاریدەکرێن، کە دژایەتییەکان ئاشکرا دەکەن یان پشتگیری لە بیرۆکەی قسەکردنەکە دەکەن.

٣. توێژینەوەی (حسین، یوسف محمد)، (٢٠٢١)، (أسالیب الدعایة في الخطاب السیاسي العراقي دراسة تحلیلیة لمضمون المؤتمر الصحفي الأسبوعي لرئیس الوزراء للمدة من ٢٠١٩/٤/١ لغایة ٢٠١٩/٨/١)، ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە گرنگانەی کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وتار لە کۆنفرانسی هەفتانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکۆڵێتەوە، بەو پێیەی توێژەر بۆی دەردەکەوێت کۆمەڵێک شێوازی پڕوپاگەندە هەیە کە سەرۆکی حکومەت بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی بە شێوەیەک بەکاریاندەهێنێت کە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بگونجێت، کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات لە ڕێگەی ئەو گوتارە سیاسییەوە، کە ئاراستەی ڕای گشتی دەکات، جا ئەو ئامانجە لە ناوخۆدا بێت یان تەنانەت دەرەکی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی زۆرێک لە شێوازی پڕوپاگەندەیی کە لە ڕێگەی شیکاری ناوەڕۆکی (١٢) کۆنگرە ڕۆژنامەوانی هەفتانەی سەرۆکوەزیرانەوە ڕونکرانەوە. ئەم نمونەیە نوێنەرایەتی توێژینەوەیەکی چوار مانگی دەکات، بەو پێیەی لە هەر مانگێکدا چوار کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەیە، کە لەلایەن سەرۆکوەزیرانەوە ئەنجام

دەدرێت، بەو پێیەی توێژینەوەکە بریتی بوە لە وەرگرتنی (٣) کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە هەر مانگێکەوە و توێژینەوەکە بۆ ماوەی چوار مانگ لە ٢٠١٩/٤/١ تا ٢٠١٩/٨/١ بەردەوام بوە. بەم شێوەیە نمونەکە دەبێتە (١٢) کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم قۆناغە تایبەتە ئەوەیە کە نوێنەرایەتی ماوەی (١٠٠) ڕۆژی ژیانی حکومەت دەکات، ئەمە جگە لەوەی نوێنەرایەتی زنجیرەیەک ڕوداوی گرنگ دەکات کە لەو ماوەیەدا شاهیدی بوین. ئەم توێژینەوەیە چوار بابەت لەخۆگرتبو، وەک بەشی یەکەم چوارچێوەی میتۆدۆلۆژی لەخۆگرتبو بە پێداچونەوە بە کێشەی توێژینەوەکە، ئامانجەکانی، گرنگی توێژینەوەکە، جگەلە میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە، پانتایی کاتی و فەزایی توێژینەوەکە، هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوە و نمونەکەی. بەشی دوەم (چوارچێوەی تیۆری) بریتیبو لە وەستان و ڕونکردنەوەی گوتاری سیاسی و سروشتی و وەسف و تایبەتمەندی و سودەکانی و ئەو بناغانەی کە گوتاری سیاسی سەرکەوتو لەسەری بنیاتتراوە. بەشی سێیەم (چوارچێوەی تیۆری) پێداچونەوەی بەو شێوازە پڕوپاگەندەیانەی لە گوتاری پڕوپاگەندەدا بەکارهێنراو لەخۆگرتبو. بەشی چوارەم (چوارچێوەی مەیدانی) بریتیبو لە شیکردنەوەیەک بۆ ناوەڕۆکی وتارە سیاسییەکانی سەرۆک وەزیران لە ڕێگەی کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی هەفتانەیەوە، پاشان دیارترین ئەنجامەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا جێگیرکران.

ب- سودەکانی توێژینەوەکانی پێشو:

توێژەران لە توێژینەوەکانی پێشودا سودیان وەرگرتوە لە تیۆرینامە و دەرەنجامەکانیان.

**پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و تیایدا میتۆدی ڕوپێوی بەکارهاتوە بۆ خستنەروی بابەتی توێژینەوەکە.

**شەشەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:** دەنگدەران لەهەرێمی کوردستاندا کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێنن، لەم کۆمەڵگەیەش سامپڵێکی هەڕەمەکی وەرگیراوە بۆ (٦٨٨) دەنگدەری بەشداربو لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەمانگی (١٠/٢٠٢٤)دا.

**حەوتەم: ئامرازی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی زانینی ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر دەنگدەران لەهەرێمی کوردستاندا ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی ئەلیکترۆنی و لەڕێگەی گوگڵەوە بەکارهاتوە بەمەبەستی گەشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە.

**هەشتەم: سنوری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەماوەی نێوان (١-٤-٢٠٢٥ بۆ ٣١-٥-٢٠٢٥) لەگەڵ دەنگدەران ئەنجامدراوە کە پەیوەستە بەگوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەنگدەران.

**نۆیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**١. کاریگەریی:** مەبەست لەو کاریگەرییانەیە کە ڕەنگە بەهۆی بەرکەوتەی گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانەوە دروستببێت بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر دەنگدەران لەهەرێمی کوردستاندا.

**٢. گوتاری سیاسی:** بریتییە لە کۆمەڵەیەک لە پەیام و دەقە سیاسییەکان کە بڵاودەکرێنەوە، بە ئامانجی ڕازیکردن، هاندان، یان ئاراستەکردنی دەنگدەران بۆ بڕیارێکی سیاسی دیاریکراو، کە ئەمەش بەشێوەیەکی پلاندار و لەگەڵ کەلتور و خواست و پێویستییەکانی کۆمەڵگە هاودەنگە.

**٣. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان:** بریتیین لە ماڵپەڕ و سەکۆکانی دیجیتاڵی لە ئینتەرنێتدا کە هەواڵ، گوتار، و پەیامە سیاسییەکان بە شێوەیەکی خێرا، کارلێکەر، و بەربڵاو بڵاودەکەنەوە، بە ئامانجی کاریگەریی لەسەر هەڵوێستە و بڕیارەکانی دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.

**٤. دەنگدەر:** بریتییە لە هاووڵاتی هەر وڵاتێک کە مافی دەنگدانی هەیە و بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات، کە دەکرێت هەڵوێستە و بڕیارەکانی لەژێر کاریگەریی گوتارە سیاسییەکانی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بن، و ئەمەش لە چوارچێوەی کەلتوری و سیاسیی کۆمەڵگەدا ڕەنگدەداتەوە.

**٥. هەرێمی کوردستان:** هەرێمێکی فیدراڵییە لە عێراق، ناوچەیەکە لە باکوری عێراق کە خاوەنی حکومەت و پەرلەمانێکی خۆجێیە، و سیستەمێکی دیموکراسی کە کۆمەڵگەیەکی سیاسی و کەلتوری دینامیکی هەیە، خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی خۆجێیە کە باوەڕی بە هەڵبژاردن هەیە.

## تەوەری دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: گوتاری سیاسی.

گوتاری سیاسی بریتییە لە قسەکردن و ناوەڕۆکێکی سیاسی، لێکچواندنێک لە نێوان گوتاردەر و وەرگردا هەیە، چونکە ئازادی دەدات بە نێرەر بۆ هەڵبژاردنی ئەو ستارتیژەی کە پێویستن بۆ تیشک خستنەسەر توانای گوتاردان پەیوەندیدار بە باوەڕپێهێنان و قایلکردن و دروستکردنی کاریگەریی و پێشکەشکردنی پاساو ئەمەش بۆ خۆی پەیوەستە بە درککردنی باوەڕپێهێنان کە پێویست دەکات سیاسییەکان پەنای بۆ ببەن لە ڕێگەی ناوەڕۆکی گوتارەکانیانەوە. بۆیە دەسەڵاتە سیاسییەکان لە ڕێگەی گوتارەکانیانەوە کە وەکو بابەتێک لە پێناوی بەدەستهێنانی دەسەڵات و بردنەوەی ململانێکان کاری لەسەر دەکەن. (مسعودي والاخرون، ٢٠٢٢، ٣٢).

### دووەم: تایبەتمەندی گوتاری سیاسی.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گوتاری سیاسی توانای ڕازیکردنە، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژە زمانییەکان، وەک ئیستدلال و سۆزداری، جێبەجێدەبێت. گوتارە سیاسییەکان زۆرجار بەشێوەیەکی پلاندار ئامادەدەکرێن بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەستەکانی دەنگدەران. بۆ نمونە، وتارێک کە جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، دەتوانێت دەنگدەران هان بدات بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن. ئەم تایبەتمەندییە گوتاری سیاسی کردوەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ کەمپینەکان.(Chilton, 2004, 3)

گوتاری سیاسی بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەیەکی سیاسی پیشاندەدات، کە ئامانجی دروستکردنی هەژمونی سیاسییە. ئەم گوتارە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و نیشانەکانەوە جیهانبینییەکی دیاریکراو بە دەنگدەران پێشکەش دەکات، کە تێگەیشتنیان لە پرسەکان شێوە دەدات. بۆ نمونە، گوتارێک کە جەخت لەسەر یەکگرتویی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، دەتوانێت دەنگدەران بەرەو پشتگیریکردن لە پارتێک ئاراستە بکات. ئەم تایبەتمەندییە گرنگی گوتاری سیاسی لە پێکهێنانی ڕای گشتی پیشان دەدات (Wodak, 2009, 31).

گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا تایبەتمەندییەکی دیکەی گرنگی هەیە، کە بریتییە لە توانای دروستکردنی پەیوەندییەکی کولتوری لەگەڵ دەنگدەران لە ڕێگەی بەکارهێنانی نیشانە و وێنە کولتورییەکان. بۆ نمونە، کاندیدێک دەتوانێت گوتارێک لەسەر ماڵپەڕێک بڵاوبکاتەوە کە سەرنج لەسەر پێویستییە کولتورییەکان یان کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، کە لەگەڵ هەست و ناسنامەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو یەکدەگرنەوە، کە ئەمەش هەستێکی پەیوەندی زیاتر لە دەنگدەران دروستدەکات. ئەم تایبەتمەندییە یارمەتیدەر بوە بۆ بەرزکردنەوەی بەشداری سیاسی لە نێو گروپە جیاوازەکاندا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەکانی کە پێشتر کەمتر چالاک بون (Papacharissi, 2015, 62).

ئەو توانایەی کە گوتاری سیاسی لە میدیای ئەلیکترۆنیدا دەتوانێت بەشێوەیەکی پلاندار ئەجێندای سیاسی دیاری بکات، تایبەتمەندییەکی دیکەی سەرەکییە. بۆ نمونە، ماڵپەڕەکان دەتوانن گوتارەکان بەشێوەیەک ڕێکبخەن، کە پرسێکی وەک چاکسازیی پەروەردە یان پاراستنی ژینگە وەک سەرەکی پیشان بدەن، کە ئەمەش سەرنجی دەنگدەران بۆ ئەو پرسانە ڕادەکێشێت و تێگەیشتنیان لە گرنگییەکەی بەرزدەکاتەوە. ئەم ستراتیژییە دەرفەتی دروستکردنی کەشێکی سیاسی دروست دەکات کە کاندیدەکان دەتوانن لەسەری کەمپینەکانیان بنیاتبنێن، کە ئەمەش کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر بڕیارەکانی دەنگدەران هەیە (Hindman, 2018, 104).

تایبەتمەندییەکی دیکەی گوتاری سیاسی بەکارهێنانی ستراتیژە سۆزدارییەکانە بۆ وروژاندنی هەستەکانی دەنگدەران. ئەم ستراتیژە لە ڕێگەی چیرۆکگێڕانەوە، وێنە، و زمانێکی سەرنجڕاکێشەوە جێبەجێدەبێت، کە پەیوەندییەکی دەرونی لەگەڵ دەنگدەران دروست دەکات. بۆ نمونە، وتارێک کە باس لە سەختەکانی کۆمەڵگە دەکات، دەتوانێت هەستەکانی دەنگدەران وروژێنێت و ئەوان بۆ دەنگدان هانبدات. ئەمەش گوتاری سیاسی کردوەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ کەمپینەکان (Safwat, 2015, 699).

گوتاری سیاسی لە میدیای ئەلیکترۆنیدا بەشێوەیەکی چالاکتر بڵاو دەبێتەوە، کە تایبەتمەندییەکانی وەک خێرایی و بەربڵاوی کاریگەرییەکەی زیاتر دەکات. ماڵپەڕەکان دەرفەتی بڵاوکردنەوەی گوتارەکان بەشێوەیەکی فرەجۆر، لەوانە وتار، ڤیدیۆ، و پۆدکاست، پێشکەش دەکەن. بۆ نمونە، گوتارێک کە بە ڤیدیۆیەکی سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکرێت، دەتوانێت سەرنجی دەنگدەران زیاتر بکێشێت. ئەمەش گرنگی گوتاری سیاسی لە سەردەمی دیجیتاڵدا پیشان دەدات (Kassarnig, 2016, 1).

**سێیەم: بەکارهێنانی گوتاری سیاسی.**

بەشێکی بەرچاوی گوتارە سیاسییەکان دەردەکەوێت کە خاوەنی هەمان پێکهاتەو هەمان تایبەتمەندین بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو بابەتەی کە دەبێتە ناوەرۆکی گوتارەکە، لە هەندێک لە گوتارەکان گوزارشت و پاساو و ڕستەی دوبارە و وەک ئاماژەیەک بۆ ئینتیمابون دەردەکەوێت، یان ڕاوبۆچونێکی سیاسی دیاریکراو، لێرەدا بەکارهێنانی ئەم شێوازە بەرزو باڵایە لە ڕاهێنان لەسەر سیستەمێکی بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسی نوێ و هاوچەرخ، سەرەڕای بونی جیاوازی گەورە لەنێوان پارتە سیاسییەکان و گوتاری سیاسی و ئامانجەکانی بەرهەمهێنانی ئەم گوتارانە لە هەمو بارودۆخێکدا سیستەمی بەرهەمهێنانی گوتارەکان ئینتیمابونی سیاسی لەبەرچاودەگرن و ڕای قسەکەر دیاریکراوەو بە ئامانج گیراوە، بۆیە لێرەوە دەکرێت بڵێین بەرهەمهێنانی گوتارە ناکرێت جیاکاری لە نێوانیاندا بکەین لە ڕوی ناوەڕۆک و فۆرمی نوسینەوە لە یەکێکیتر بەڵام ئامانج سەرەکییەکەی بریتییە لە دروستکردنی کاریگەریی لەسەر ئەو کەسەی کە بەر وتارەکە دەکەوێت(Kassarnig, 2016, 1)).

ستراتیژە سۆزدارییەکان لە گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردێن بۆ وروژاندنی هەستەکانی دەنگدەران. ئەم ستراتیژە لە ڕێگەی چیرۆکگێڕانەوە، وێنە، و ڤیدیۆی سەرنجڕاکێشەوە جێبەجێدەبێت، کە پەیوەندییەکی دەرونی لەگەڵ دەنگدەران دروست دەکات. بۆ نمونە، ڤیدیۆیەکی کەمپین کە باس لە پێویستییەکانی کۆمەڵگە دەکات، دەتوانێت هەستەکانی دەنگدەران وروژێنێت. ئەمەش کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر بڕیارەکانی دەنگدەران دروستدەکات (Newman, 2019, 19).

دروستکردنی هەژمون یەکێک لە ستراتیژە گرنگەکانی گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانە، کە ئامانجی پێکهێنانی جیهانبینییەکی دیاریکراوە. ئەم ستراتیژە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و نیشانەکانەوە جێبەجێدەبێت، کە

تێگەیشتنی دەنگدەران لە پرسە سیاسییەکان شێوە دەدات. بۆ نمونە، گوتارێک کە جەخت لەسەر یەکگرتویی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، دەتوانێت دەنگدەران بەرەو پشتگیریکردن لە پارتێک ئاراستە بکات. ئەمەش گوتاری سیاسی کردوەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ کەمپینەکان (Pfetsch, 2004, 344).

بەکارهێنانی گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان توانای کۆکردنەوەی چەندین شێوازی جیاواز لە یەک کاتدا هەیە، کە ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ستراتیژە سۆزداری و ئیستدلالییەکانەوە جێبەجێ دەبێت. بۆ نمونە، کاندیدێک دەتوانێت گوتارێک لەسەر ماڵپەڕێک بڵاوبکاتەوە کە چیرۆکگێڕانەوەیەکی سۆزدار لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کۆدەکاتەوە لەگەڵ داتا و ژمارەکان بۆ پیشاندانی چارەسەرەکان، کە ئەمەش هەم هەستەکانی دەنگدەران وروژاندوە و هەم بەڵگەی لۆژیکی پێشکەش کردوە. ئەم کۆکردنەوەیە دەرفەتی قایلکردنی گروپە جیاوازەکانی دەنگدەران دروست دەکات، کە هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز وەرگرتنی پەیامەکانە(Vaidhyanathan, 2018, 93).

گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پەخشی ڕاستەوخۆ (Live Streaming)پەیوەندییەکی زیاتر چالاک و ڕاشکاو لەگەڵ دەنگدەران دروست بکات. بۆ نمونە، کاندیدەکان دەتوانن لە ڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبوک یان یوتیوب گوتارە سیاسییەکانیان پێشکەش بکەن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی دەنگدەران بدەنەوە، کە ئەمەش هەستێکی نزیکی و متمانە دروست دەکات. ئەم ستراتیژییە یارمەتیدەر بوە بۆ کەمکردنەوەی بەربەستەکانی پەیوەندی لە کەمپینەکاندا، چونکە دەنگدەران دەتوانن بەشێوەیەکی چالاک بەشدار بن لە گفتوگۆ(Stromer-Galley, 2019, 89) .

لێرەشەوە دەکرێت بڵێین بەلەبەرچاوگرتنی ڕێکخستنی سیستەمی پەیوەندی سیاسی وەک سیستەمێکی دامەزراوەیی تەماشا بکەین، بەمانای تەواوکاری هەردو سیستەمەکەیە بەڵام بە جیاوازی ئەرکەکانەوە بە مانایەکیتر سیستەمی پەیوەندی سیاسی هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سیاسەت و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەروەها ئەرکی بەرەوپێشچونی ئەم کایەیە بە بەکارهێنانی زمانی پەیوەندیکردنی هاوبەش کە ناکرێت دیاریکراوبێت بۆ یەکێک لەو سیتەمەکانی پەیوەندی سیاسی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە تەقلیدی و هاوچەرخەوە. لەگەڵ ئەمەشدا پاراستنی ئەم پەیوەندییە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە هەستکردن بە پابەندبون و لایەنگیری پێکەوە کە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچونی سیستەمەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی دیموکراسیدا، هەندێک تێڕوانین و بۆچون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە چەمکی سیستەمی پەیوەندی سیاسی بریتییە لە چەمکێکی ئەزمونی. کەواتە چەمکی سیستەمی ئەزمونی بایەخپێدانەکانی بۆ هەردو دامەزراوەی و ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەکتەرەکانی ئەم بوارەدا دەناسرێتەوە (Pfetsch, 2004, 350).

مالتیمیدیا لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەهێزکردنی گوتاری سیاسی، کە پەیامەکان بە شێوەیەکی بەرچاوتر بڵاودەکاتەوە. بۆ نمونە، ڤیدیۆیەکی سیاسی کە بە وێنە و دەنگی سەرنجڕاکێش ئامادەکراوە، دەتوانێت سەرنجی دەنگدەران زیاتر بکێشێت وەک وتارێکی نوسراو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەشێکن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان، دەرفەتی بڵاوکردنەوەی خێرای گوتارەکان پێشکەش دەکەن. ئەمەش کاریگەریی گوتاری سیاسی زیاتر کردوە (AMAGHLOBELI, 2017, 1).

## ٤- کاریگەریی گوتاری سیاسی لەسەر دەنگدەر.

گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەڵسوکەوتی دەنگدەران هەیە، کە فاکتەرە دەرونییەکان، وەک هەستەکان، ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن. گوتارەکان زۆرجار بەشێوەیەکی سۆزدار ئامادەدەکرێن بۆ وروژاندنی هەستەکانی دەنگدەران. بۆ نمونە، وتارێک کە باس لە سەختەکانی کۆمەڵگە دەکات،

دەتوانێت هەستەکانی دەنگدەران وروژێنێت و ئەوان بۆ دەنگدان هانبدات. ئەم کاریگەرییە دەرونییە بڕیارەکانی دەنگدەران ئاراستە دەکات (Wodak, 2009, 31).

فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، وەک تەمەن و جەندەر، کاریگەریی لەسەر وەرگرتنی گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن. گەنجان، کە زۆرتر تەکنەلۆجیا بەکاردەهێنن، زیاتر کەوتونەتە ژێر کاریگەریی پەیامە ئەلیکترۆنییەکان وەک لە پێگەیشتوان. بۆ نمونە، ڤیدیۆیەکی سیاسی کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوە، زیاتر سەرنجی گەنجان ڕادەکێشێت. ئەمەش جیاوازییەکانی وەرگرتنی گوتارەکان لە نێو گروپە جیاوازەکاندا پیشاندەدات (Safwat, 2015, 699).

گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی تواناى دروستکردنی هەژمونی کۆمەڵایەتی لە نێو دەنگدەراندا هەیە، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی پەیامە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ستراتیژی و پلاندار جێبەجێدەبێت. بۆ نمونە، گوتارێک کە لەسەر ماڵپەڕێک بڵاودەکرێتەوە و جەخت لەسەر کێشەیەکی وەک یەکسانی جێندەری یان پاراستنی ژینگە دەکاتەوە، دەتوانێت تێگەیشتنی دەنگدەران لە گرنگی ئەو پرسانە بەرز بکاتەوە و بڕیارەکانیان لە دەنگدان ئاراستە بکات. ئەم ستراتیژییە یارمەتیدەر بوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسی زیاتر چالاک، کە دەنگدەران بەشێوەیەکی ئاگایانەتر بەشداری دەکەن (Karpf, 2016, 89).

## تەوەری سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

لەم تەوەرەدا ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی خراوەتەڕو کە لەگەڵ دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، هەوڵدراوە بەشێوەیەکی زانستی وەڵامەکان شیبکرێنەوە و ڕاڤەکردنیان بۆ بکرێت.

* یەکەم: تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە.

خشتەی (١)

تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیموگرافی | برگەکان | دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٤٣١ | ٦٢.٦ | ١ |
| | مێ | ٢٥٧ | ٣٧.٤ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٦٨٨ | %١٠٠ | |
| تەمەن | ١٨ بۆ ٢٤ | ٢٦٦ | ٣٦.٧ | ١ |
| | ٢٥ بۆ ٣٤ | ١٧٣ | ٢٥.١ | ٢ |
| | ٣٥ بۆ ٤٤ | ١٥٨ | ٢٣ | ٣ |
| | ٤٥ بۆ ٥٤ | ٦٤ | ٩.٣ | ٤ |
| | ٥٥ و زیاتر | ٢٧ | ٣.٩ | ٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | ٦٨٨ | %١٠٠ | |
| ئاستی خوێندن | بنەڕەتی | ١٢ | ١.٧ | ٦ |
| | ئامادەیی | ٥٩ | ٨.٦ | ٤ |
| | دبلۆم | ١٧٠ | ٢٤.٧ | ٢ |
| | بەکالۆریۆس | ٣٥٢ | ٥١.٢ | ١ |
| | دبلۆمی بالا | ٩ | ١.٣ | ٧ |
| | ماستەر | ٦٧ | ٩.٧ | ٣ |
| | دکتۆرا | ١٩ | ٢.٨ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٦٨٨ | %١٠٠ | |
| شوێنی نیشتەجێبون | هەولێر | ١٠٢ | ١٤.٨ | ٢ |
| | سلێمانی | ٥٠٧ | ٧٣.٧ | ١ |
| | دهۆک | ٣٨ | ٥.٥ | ٤ |
| | هەڵەبجە | ٤١ | ٦ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٦٨٨ | %١٠٠ | |
| پیشە | بێکار | ٤٥ | ٦.٥ | ٥ |
| | فەرمانبەر | ١٦٩ | ٢٤.٦ | ٢ |
| | کاسب (سەربەخۆ) | ٨٥ | ١٢.٤ | ٤ |
| | خوێندکار | ٢٥١ | ٣٦.٥ | ١ |
| | هێزی چەکدار | ٢٨ | ٤.١ | ٦ |
| | کارمەندی کەرتی تایبەت | ١١٠ | ١٦ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٦٨٨ | %١٠٠ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی بژێوی | کەمتر لە ١٠٠ هەزار مانگانە | ١٢٤ | ١٨ | ٣ |
| | کەمتر لە ٣٠٠ هەزار مانگانە | ١٠٢ | ١٤.٨ | ٤ |
| | نێوان ٥٠٠ بۆ ٧٠٠ هەزار مانگانە | ٢٤١ | ٣٥ | ١ |
| | زیاتر لە ملیۆنێک مانگانە | ١٨٤ | ٢٦.٧ | ٢ |
| | زیاتر لە دو ملیۆن مانگانە | ٣٧ | ٥.٥ | ٥ |
| | کۆی گشتی | ٦٨٨ | %١٠٠ | |
| بیروڕای سیاسی | دیموکراسی | ٢٨٢ | ٤١ | ١ |
| | محافزکار (کۆماری) | ١٥ | ٢.٢ | ٥ |
| | نەتەوەیی | ٩١ | ١٣.٢ | ٤ |
| | ئیسلامی | ١٠٢ | ١٤.٨ | ٣ |
| | شیوعی (چەپ) | ١١ | ١.٦ | ٦ |
| | بێلایەن (سەربەخۆ) | ١٨٧ | ٢٧.٢ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٦٨٨ | %١٠٠ | |
| سەردانی پلاتفۆرمە هەواڵییەکان | تەلەفزیونی ئونلاین | ٤٧ | ٦.٨ | ٢ |
| | ڕۆژنامەی ئەلکترونی | ٢٢ | ٣.٢ | ٤ |
| | سۆشیال میدیا | ٥٧٧ | ٨٣.٩ | ١ |
| | وێبسایتی ئەلیکترۆنی | ٤٢ | ٦.١ | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٦٨٨ | %١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەتایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزدا (نێر) بەدوبارەی (٤٣١) و ڕێژەی سەدی (٦٢.٦%) و لەتەمەندا (١٨ بۆ ٢٤ ساڵ) بەدوبارەی (٢٦٦) و ڕێژەی سەدی (٣٦.٧%) و لەئاستی خوێندندا (بەکالۆریۆس) بەدوبارەی (٣٥٢) و ڕێژەی سەدی (٥١.٢%) و لە شوێنی نیشتەجێبوندا (سلێمانی) بەدوبارەی (٥٠٧) و ڕێژەی سەدی (٧٣.٧%) و لەپیشەدا (خوێندکار) بەدوبارەی

(٢٥١) و ڕێژەی سەدی (٣٦.٥%) و لەئاستی بژێویدا (٥٠٠ بۆ ٧٠٠ هەزار مانگانە) بەدوبارەی (٢٤١) و بەڕێژەی سەدی (٣٥%) و لەبیروڕای سیاسیدا (دیموکراسی) بەدوبارەی (٢٨٢) و بەڕێژەی سەدی (٤١%) و لەسەردانی پلاتفۆرمە هەواڵییەکاندا (سۆشیال میدیا) بەدوبارەی (٥٧٧) و بەڕێژەی سەدی (٨٣.٩%) بەپلەی یەکەم دێن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەوشی پراکتیکی سامپڵی توێژینەوەکە دەخاتەڕو.

* دووەم: وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە.

خشتەی (٢)

ئاستی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ بەکارهێنانی هەواڵ لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەدەگمەن | ٦٩ | ١٠.١ | ٥ |
| هەندێکجار | ١٤٣ | ٢٠.٨ | ٣ |
| مامناوەند | ١٧٥ | ٢٥.٤ | ٢ |
| زۆر جار | ٢٠٣ | ٢٩.٥ | ١ |
| هەمو کات | ٩٨ | ١٤.٢ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) دەردەکەوێت ئاستی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ بەکارهێنانی هەواڵ لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بەپلەی یەکەم زۆرجارە بەدوبارەی (٢٠٣) و ڕێژەی سەدی (٢٩.٥%)، بەپلەی دوهەم مامناوەندە بەدوبارەی (١٧٥) و ڕێژەی سەدی (٢٥.٤%)، بەپلەی سێهەم هەندێکجارە بەدوبارەی (١٤٣) و ڕێژەی سەدی (٢٠.٨%)، بەپلەی چوارهەم هەموکاتە بەدوبارەی (٩٨) و ڕێژەی سەدی (١٤.٢%)، بەپلەی پێنجهەم بەدەگمەنە بەدوبارەی (٦٩) و ڕێژەی سەدی (١٠.١%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات، کە بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ بەکارهێنانی هەواڵ لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، بەو واتایەی هەواڵ وەک ژانرێکی میدیایی هێشتا لە پلەبەندی یەکەمدایە و زیاد لەژانرەکانی دیکە گرنگی پێدەدرێت.

خشتەی (٣)

ئاستی بینینی ڕۆژانەی گوتاری سیاسی یان گفتوگۆی سیاسی لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەدەگمەن | ١٠٦ | ١٥.٤ | ٤ |
| هەندێکجار | ٢١٤ | ٣١.١ | ١ |
| مامناوەند | ١٦٥ | ٢٤ | ٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| زۆر جار | ١٦٢ | ٢٣.٥ | ٣ |
| هەموكات | ٤١ | ٦ | ٥ |
| كۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی (٣) دەردەكەوێت ئاستی بینینی ڕۆژانەی گوتاری سیاسی یان گفتوگۆی سیاسی لەلایەن سامپڵی توێژینەوەكە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەپلەی یەكەم هەندێكجارە بەدوبارەی (٢١٤) و ڕێژەی سەدی (٣١.١%)، بەپلەی دوهەم مامناوەندە بەدوبارەی (١٦٥) و ڕێژەی سەدی (٢٤%)، بەپلەی سێهەم زۆرجارە بەدوبارەی (١٦٢) و ڕێژەی سەدی (٢٣.٥%)، بەپلەی چوارهەم بەدەگمەنە بەدوبارەی (١٠٦) و ڕێژەی سەدی (١٥.٤%)، بەپلەی پێنجهەم هەموكاتە بەدوبارەی (٤١) و ڕێژەی سەدی (٦%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات كە سامپڵی توێژینەوەكە ڕۆژانە گوتاری سیاسی یان گفتوگۆی سیاسی ئەنجام دەدەن لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بە ئاستێكی مامناوەندە، بەو واتایەی گوتاری سیاسی یەكێكە لەو ژانرە میدیاییانەی كەبەئاگاییان هەیە بۆی.

خشتەی (٤)

ئاستی خوێندنەوەی ڕۆژانەی سامپڵی توێژینەوەكە بۆ گوتاری ڕاوبۆچون و تێڕوانینی پەیوەندیدار بە سیاسەتەوە لە ڕۆژنامەگەری ئەلیكترۆنی

| برگەكان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەدەگمەن | ١٨٢ | ٢٦.٥ | ٢ |
| هەندێكجار | ١٩٤ | ٢٨.٢ | ١ |
| مامناوەند | ١٧٢ | ٢٥ | ٣ |
| زۆر جار | ١١٢ | ١٦.٣ | ٤ |
| هەموكات | ٢٨ | ٤ | ٥ |
| كۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی (٤) دەردەكەوێت ئاستی خوێندنەوەی ڕۆژانەی سامپڵی توێژینەوەكە بۆ گوتاری ڕاوبۆچون و تێڕوانینی پەیوەندیدار بە سیاسەتەوە لە ڕۆژنامەگەری ئەلیكترۆنی بەپلەی یەكەم هەندێكجارە بەدوبارەی (١٩٤) و ڕێژەی سەدی (٢٨.٢%)، بەپلەی دوهەم بەدەگمەنە بەدوبارەی (١٨٢) و ڕێژەی سەدی (٢٦.٥%)، بەپلەی سێهەم مامناوەندە بەدوبارەی (١٧٢) و ڕێژەی سەدی (٢٥%)، بەپلەی چوارهەم زۆرجارە بەدوبارەی (١١٢) و ڕێژەی سەدی (١٦.٣%)، بەپلەی پێنجهەم هەموكاتە بەدوبارەی (٢٨) و ڕێژەی سەدی (٤%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات كە سامپڵی توێژینەوەكە ڕۆژانە گوتاری سیاسی لەڕێی ڕۆژنامەگەری ئەلیكترۆنی دەخوێننەوە بە ئاستێكی نزمە، بەو واتایەی گوتاری سیاسی تا ڕادەیەك جێی گرنگی پێدانیانە.

–

خشتەی (٥)

گرنگپێدانی سامپڵی توێژینەوەکە بە جۆرەکانی ناوەڕۆکێکی میدیایی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| ناوەرۆکی نوسراو | ٢٣٦ | ٣٤.٣ | ٢ |
| ناوەرۆکی ڤیدیۆیی | ٣٦٠ | ٥٢.٣ | ١ |
| ناوەرۆکی دەنگی | ٤٣ | ٦.٣ | ٣ |
| وێنە | ٤٠ | ٥.٨ | ٤ |
| ئەنیمەیشن | ٩ | ١.٣ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی (٥) دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی بە جۆرەکانی ناوەڕۆکی میدیایی تایبەت بە گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەدەن، بەپلەی یەکەم ناوەرۆکی ڤیدیۆییە بەدوبارەی (٣٦٠) و ڕێژەی سەدی (٥٢.٣%)، بەپلەی دوهەم ناوەرۆکی نوسراوە بەدوبارەی (٢٣٦) و ڕێژەی سەدی (٣٤.٣%)، بەپلەی سێهەم ناوەرۆکی دەنگیە بەدوبارەی (٤٣) و ڕێژەی سەدی (٦.٣%)، بەپلەی چوارهەم وینەیە بەدوبارەی (٤٠) و ڕێژەی سەدی (٥.٨%)، بەپلەی پێنجهەم ئەنیمەیشنە بەدوبارەی (٩) و ڕێژەی سەدی (١.٣%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە سامپڵی توێژینەوەکە بەگشتی گرنگی بەناوەڕۆکی میدیایی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەدەن بەتایبەت ناوەرۆکی ڤیدیۆیی، بەو واتایەی ناوەرۆکی میدیایی گوتاری سیاسی پەیوەست بە هەستەکانی بینین و بیستن زیاتر جێی گرنگی پێدانیانە.

خشتەی (٦)

ڕادەی متمانەی سامپڵی توێژینەوەکە بە گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەهیچ شێوەیەک | ١٢٦ | ١٨.٣ | ٣ |
| کەمێک | ٢٤٦ | ٣٥.٨ | ٢ |
| مامناوەند | ٢٦٠ | ٣٧.٨ | ١ |
| زۆر | ٤٧ | ٦.٨ | ٤ |
| بەرەهایی | ٩ | ١.٣ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٦) دەردەکەوێت سامپڵی توێژینەوەکە ڕادەی متمانەیان بە گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، بەپلەی یەکەم مامناوەندە بەدوبارەی (٢٦٠) و ڕێژەی سەدی (٣٧.٨%)، بەپلەی دوهەم کەمێکە بەدوبارەی (٢٤٦) و ڕێژەی سەدی (٣٥.٨%)، بەپلەی سێهەم بەهیچ شێوەیەکە بەدوبارەی (١٢٦) و ڕێژەی سەدی (١٨.٣%)، بەپلەی چوارهەم زۆرە بەدوبارەی (٤٧) و ڕێژەی سەدی (٦.٨%)، بەپلەی پێنجهەم بەرەهاییە بەدوبارەی (٩) و ڕێژەی سەدی (١.٣%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە سامپڵی توێژینەوەکە ڕادەی متمانەبونیان بۆ گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان گونجاوە، بەو واتایەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانێت گۆرانکاری لەدەنگدەردا دروست بکات.

خشتەی (٧)

ئاستی ڕەخنەگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەرچاوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان

| بڕگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| هەرگیز | ٨١ | ١١.٨ | ٤ |
| بەدەگمەن | ١٢٤ | ١٨ | ٣ |
| هەندێکجار | ٢٨٠ | ٤٠.٧ | ١ |
| زۆرجار | ١٦٩ | ٢٤.٦ | ٢ |
| هەموکات | ٣٤ | ٤.٩ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٧) دەردەکەوێت ئاستی ڕەخنەگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەرچاوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، بەپلەی یەکەم هەندێکجارە بەدوبارەی (٢٨٠) و ڕێژەی سەدی (٤٠.٧%)، بەپلەی دوهەم زۆرجارە بەدوبارەی (١٦٩) و ڕێژەی سەدی (٢٤.٦%)، بەپلەی سێهەم بەدەگمەنە بەدوبارەی (١٢٤) و ڕێژەی سەدی (١٨%)، بەپلەی چوارهەم هەرگیزە بەدوبارەی (٨١) و ڕێژەی سەدی (١١.٨%)، بەپلەی پێنجهەم هەموکاتە بەدوبارەی (٣٤) و ڕێژەی سەدی (٤.٩%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەخنەگرتنیان بۆ گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بەرزە، بەو واتایەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان توانیویەتی کارلێک لەگەڵ دەنگدەردا دروست بکات.

خشتەی (٨)

ئاستی گۆڕینی بڕیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەبارەی دەنگدان بە لیستێک یان کاندیدێک لەسەر بنەمای گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| هەرگیز | ٢٧٥ | ٤٠ | ١ |
| بەدەگمەن | ١٤٧ | ٢١.٤ | ٣ |
| هەندێکجار | ١٩٠ | ٢٧.٦ | ٢ |
| زۆرجار | ٦٢ | ٩ | ٤ |
| هەموکات | ١٤ | ٢ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨) دەردەکەوێت ئاستی گۆڕینی بڕیاری سامپڵی توێژینەوەکە لەبارەی دەنگدان بە لیستێک یان کاندیدێک لەسەر بنەمای گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، بەپلەی یەکەم هەرگیزە بەدووبارەی (٢٧٥) و ڕێژەی سەدی (٤٠%)، بەپلەی دوهەم هەندێکجارە بەدووبارەی (١٩٠) و ڕێژەی سەدی (٢٧.٦%)، بەپلەی سێهەم بەدەگمەنە بەدووبارەی (١٤٧) و ڕێژەی سەدی (٢١.٤%)، بەپلەی چوارهەم زۆرجارە بەدووبارەی (٦٢) و ڕێژەی سەدی (٩%)، بەپلەی پێنجهەم هەموکاتە بەدووبارەی (١٤) و ڕێژەی سەدی (٢%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی گۆڕینی بڕیاریان لەبارەی دەنگدان بە لیستێک یان کاندیدێک لەسەر بنەمای گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان مامناوەندە، بەو واتایەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ڕێکارێکی گرنگ و ئامرازێکی کاریگەرە بەدەست پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بتوانن بیروڕای دەنگدەر بگۆڕن لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

خشتەی (٩)

ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لای سامپڵی توێژینەوەکە لەبارەی بەشداری کردنیان لە چالاکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن

| بڕگەکان | دووبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| هەرگیز | ٢٣٥ | ٣٤.٢ | ١ |
| بەدەگمەن | ١١٨ | ١٧.٢ | ٣ |
| هەندێکجار | ٢٠٠ | ٢٩.١ | ٢ |
| زۆرجار | ١١٠ | ١٦ | ٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەموکات | ٢٥ | ٣.٦ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (٩) دەردەکەوێت ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لای سامپڵی توێژینەوەکە لەبارەی بەشداری کردنیان لە چالاکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەپلەی یەکەم هەرگیزە بەدوبارەی (٢٣٥) و ڕێژەی سەدی (٣٤.٢%)، بەپلەی دوهەم هەندێکجارە بەدوبارەی (٢٠٠) و ڕێژەی سەدی (٢٩.١%)، بەپلەی سێهەم بەدەگمەنە بەدوبارەی (١١٨) و ڕێژەی سەدی (١٧.٢%)، بەپلەی چوارهەم زۆرجارە بەدوبارەی (١١٠) و ڕێژەی سەدی (١٦%)، بەپلەی پێنجەهەم هەموکاتە بەدوبارەی (٢٥) و ڕێژەی سەدی (٣.٦%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەلایان لەبارەی بەشداریکردنیان لە چالاکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن مامناوەندە، بەو واتایەی پارتە سیاسییەکان لەڕێی گوتاری سیاسیانەوە لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن ڕەفتاری دەنگدەران بگۆڕن لەکاتی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن.

-

خشتەی (١٠)

ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لای سامپڵی توێژینەوەکە لەبارەی بەشداری کردنیان لە دەنگداندا

| برگەکان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|
| هەرگیز | ٢٠٥ | ٢٩.٧ | ١ |
| بەدەگمەن | ١١٨ | ١٧.٢ | ٤ |
| هەندێکجار | ١٩٦ | ٢٨.٥ | ٢ |
| زۆرجار | ١١٩ | ١٧.٣ | ٣ |
| هەموکات | ٥٠ | ٧.٣ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٦٨٨ | ١٠٠ | |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لای سامپڵی توێژینەوەکە لەبارەی بەشداری کردنیان لە دەنگداندا، بەپلەی یەکەم هەرگیزە بەدوبارەی (٢٠٥) و ڕێژەی سەدی (٢٩.٧%)، بەپلەی دوهەم هەندێکجارە بەدوبارەی (١٩٦) و ڕێژەی سەدی (٢٨.٥%)، بەپلەی سێهەم زۆرجارە بەدوبارەی (١١٩) و ڕێژەی سەدی (١٧.٣%)، بەپلەی چوارهەم بەدەگمەنە بەدوبارەی (١١٨) و ڕێژەی سەدی (١٧.٢%)، بەپلەی پێنجەهەم هەموکاتە بەدوبارەی (٥٠) و ڕێژەی سەدی (٧.٣%)، ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەلایان لەبارەی بەشداریکردنیان لە دەنگداندا مامناوەندە، بەو واتایەی

گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان هاندەرێکی شیاو و گونجاوە بەدەست پارتە سیاسییەکان بۆ بەشداری پێکردنیان لەدەنگداندا.

## دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان

**یەکەم: دەرەنجامەکان.**

**١.** ئاستی بەرکەوتەی سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ بەکارهێنانی هەواڵ لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها ئاستی بینینی ڕۆژانەی گوتاری سیاسی یان گفتوگۆی سیاسی لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە ئاستێکی مامناوەندە.

٢. سامپڵی توێژینەوەکە ڕۆژانە گوتاری سیاسی لەڕێی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی دەخوێننەوە بە ئاستێکی نزم، هەرەوها سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی بەناوەرۆکی میدیایی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بەگشتی و بەتایبەت ناوەرۆکی ڤیدیۆیی دەدەن، پاشان سامپڵی توێژینەوەکە ڕادەی متمانەبونیان بۆ گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان گونجاوە، دواتر سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەخنەگرتنیان بۆ گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بەرزە.

٣. سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی گۆڕینی بڕیاریان لەبارەی دەنگدان بە لیستێک یان کاندیدێک لەسەر بنەمای گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان مامناوەندە، هەروەها سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەلایان لەبارەی بەشداری کردنیان لە چالاکییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن مامناوەندە، لەکۆتاییدا سامپڵی توێژینەوەکە ئاستی ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەلایان لەبارەی بەشداری کردنیان لە دەنگداندا مامناوەندە.

**دوهەم: ڕاسپاردەکان.**

١. توێژەران پارت و قەوارە و هاوپەیمانێتی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی هەرێم و بەغداد ڕادەسپێرێت بۆ کارکردن لەسەر گوتاری سیاسییان لەڕێی ئامرازە میدیاییەکان بەگشتی و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەتی بۆ گەیاندن پەیامی سیاسی و بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییە جۆراوجۆرەکانیان لەکاتی هەر پرسێکی سیاسیدا.

٢. توێژەران لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرۆسەی سیاسی هەرێم و بەغداد ڕادەسپێرێت بۆ کارکردن لەسەر هۆشیاری و ئاگادارکردنەوەی زیاتر بدات بە پارت و قەوارە و هاوپەیمانێتیەکان سەبارەت بەڕێوشوێنەکانی مامەڵەکردنیان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

**سێهەم: پێشنیارەکان.**

١. توێژەران پێشنیار بۆ ئەکادیمیان و توێژەرانی بواری میدیا دەکەن کەلەداهاتودا توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گوتاری سیاسی لەکەناڵە میدیاییە جیاوازەکاندا.

٢. توێژەران پێشنیار بۆ ئەکادیمیان و توێژەرانی بواری سیاسەت دەکەن کەلەداهاتودا توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گوتاری سیاسی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژینگەی سیاسی هەرێم و بەغداد.

**سەرچاوەکان**


حسين، يوسف محمد (٢٠٢١)، أساليب الدعاية في الخطاب السياسي العراقي دراسة تحليلية لمضمون المؤتمر الصحفي الأسبوعي لرئيس الوزراء للمدة من 2019/4/1 لغاية 2019/8/1، بحث منشور، مجلة الاستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد ٦٠، العدد ١. DOI: https://doi.org/10.36473/ ujhss.v60i1.1270

العياري، محمد العربي (٢٠٢٢)، الخطاب السياسي في تونس وصناعة الرأي العام، قراءة في نتائج دراسة ميدانيّة، بحث منشور، مركز الدراسات المتوسطية والدولية، ورقات سياسية.

منخرفيس، يمينة (٢٠٢١)، دلالة الاتصال غير اللفظي في الخطاب السياسي المتلفز: دراسة تحليلية سيميولوجية لعينة من خطابات الحملة الانتخابية لرئاسيات أبريل ٢٠١٤، أطروحة دكتوراه، جامعة الجزائر، كلية علوم الاعلام والاتصال، قسم الاتصال.

مسعودي، مراد، مسعودي، بريكة، جعفري، & عبد الله/مؤطر. (2022). الخطاب السياسي وإشكالية الاتصال السياسي في الحملات الانتخابية في الجزائر (أطروحة الدكتوراه، جامعة احمد دراية-ادرار).

نجاة، صابر حسن جاد أحمد (٢٠٢٢). الخطاب السياسي وأثره على المشاركة المجتمعية. المجلة العلمية لكلية الآداب-جامعة أسيوط، 27(83)، 251-274. DOI:10.21608/aakj.2023.145689.1275

AMAGHLOBELI, N., 2017. Political discourse in the media. *Journal of Media Studies*, 5(1), pp. 1-15.

Chilton, P., 2004. *Analysing political discourse: Theory and practice*. London: Routledge.

Hindman, M., 2018. *The internet trap: How the digital economy builds monopolies and undermines democracy*. Princeton: Princeton University Press.

Karpf, D., 2016. *Analytic activism: Digital listening and the new political strategy*. Oxford: Oxford University Press.

Kassarnig, V., 2016. Political speech generation. *arXiv preprint* arXiv:1601.03313. Available at: https://arxiv.org/abs/1601.03313 [Accessed 24 April 2025].

Papacharissi, Z., 2015. *Affective publics: Sentiment, technology, and politics*. Oxford: Oxford University Press.

Pfetsch, B., 2004. From political culture to political communication culture: A theoretical approach to comparative analysis. *European Journal of Communication*, 19(3), pp. 344-366.

Safwat, S., 2015. Speech acts in political speeches. *Journal of Modern Education Review*, 5(7), pp. 699-706.

Stromer-Galley, J., 2019. *Presidential campaigning in the internet age*. 2nd ed. Oxford: Oxford University Press.Newman, N., 2019. *Journalism, media, and technology trends and predictions 2019*. Oxford: Reuters Institute for the Study of Journalism.

Vaidhyanathan, S., 2018. *Antisocial media: How Facebook disconnects us and undermines democracy*. Oxford: Oxford University Press.

Van Dijk, T. A. (1997). What is Political Discourse Analysis. *Belgian Journal of Linguistics*, 11(1), 11-52.

Wodak, R., 2009. *The discourse of politics in action: Politics as usual*. Basingstoke: Palgrave Macmillan.